# تێرامان لە درۆ هاوبەشەکان و باجی ڕاستبێژی

جواد خەلیل



١٤ی نیسان ٢٠٢٢ وتار

هیچ کات قسەکردن لەسەر درۆ نابێتە قسەیەکی جیدی و مانادار، گەر لە ناواخنیدا جێیەک بۆ هەقیقەت و ڕاستبێژی نەهێڵرابێتەوە. هەمووان لەوەدا هاوڕان کە درۆ لە سادەترین پێناسەیدا بریتییە لە شاردنەوەی هەقیقەت و دوورکەوتنەوە لە ڕاستبێژی، بەو پێیەی کە بە نزیکەیی

تەواوی ڕێچکە و ڕێبـازە سـیاسـی و ئـایینی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان بڕوایان بەم ناسـاندنەیە و لەسـەری کۆکن. بەڵام ئەوەی کە ناکۆکی دروست کردووە، نەبوونی کۆڕاییە لەسەر خودی هەقیقەت و ڕاسـتبێژی، وەک پێوانەیەکی گشـتگیر بۆ ناسـینەوەی درۆ. ئایا کاتێک شـتێک وەک هەقیقەت پێناسـە دەکەین و گوتنی بە ڕاسـتبێژی و شـاردنەوەی بە درۆکردن دادەنێین، چۆن دەتوانین بیسـەلمێنین کە ئێمە دەربارەی هەقیقەتی ئەو هەقیقەتە و ڕادەی ڕاسـتێتیی ئەو ڕاسـتبێژییە یەقینێکمان لە بەردەستدایە و هیچ گومانێکمان نەهێشتووەتەوە؟ ئایا ئەو پێوەرانە چین کە تێڕوانینەکـانمـان دەربـارەی خودی هەقیقەت خۆی لەسـەر بنیاتناون؟ ئەی ئەو پێوەرانە دانراوی کێن و لەمەدا پشتیان بە چ بەڵگەگەلێکی لۆژیکی بەستووە؟ چۆن بزانین ڕاستییەک لەم نێوانەدا هەیە و هێشـتا نەدرکێنراوە؟ ئەمانە ئەو پرسـیارانەن کە گومانەکان ئێجگار قووڵتر دەکەن و ناچارمان دەکەن کەمێک بە مێژووی درۆدا ڕۆ بچین و زیـاتـر لەسـەری بـوەسـتـیـن.

کێ بۆ یەکەم جار درۆی کردووە و هەوڵی شـاردنەوەی هەقیقەتی داوە؟ تاوەکوو ئەمڕۆ هیچ کەسێک وەڵامی ئەم پرسیارەی نەداوەتەوە و ناوی هیچ کەسـێک بە ڕوونی زەق نەکراوەتەوە، بەڵام ئەوە بە تەواوی ڕوونە کە یەکەمین پاڵنەری درۆکردن، خۆپارێزی و پاراستنی پێگەی خود بووە لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەدا. واتـا درۆ زادەی بە کۆمەڵایەتیبوونی مرۆیە، کاتێک مرۆڤ کەسـێکی لە بەرانبەر خۆیدا دیوە و لە ترسـی پاراسـتنی شـکۆی خۆی؛ پاراسـتنی گیانی خۆی؛ پاراسـتنی پەیوەندییەکەی لەگەڵ ئەوی دیکەدا، ناچار بووە ئەوەی کە لە دڵیایەتی و نیازی ڕاسـتەقینەی بووە، بیشـارێتەوە و نەیڵێت. بەم شـێوە دەتوانین بڵێین لە بنەڕەتدا

درۆ چەکی لاوازەکان بووە دژ بە بەهێزەکان بۆ خۆپاراستنیان لەو مەترسییانەی کە لەوانەیە بەهۆی گوتنی هەقیقەتەوە ڕووبەڕوویان ببنەوە. واتا درۆ بنەمایەکی خۆپارێزی هەبووە و لە ناچارییەوە سەری هەڵداوە، ناچارییەک کە دەرهاویشتەی بەریەککەوتنی لاواز و بەهێزەکان بووە و لەو نێوانەدا هەقیقەتی شتەکان وەکوو ئەوەی کە هەن، دەرنابڕدرێن و دەشاردرێنەوە. ڕەنگە هەندێک جار درۆکردن وەک حەز و هیوایەتێک لای هەندێک کەس دەربکەوێت و خوویان پێوە گرتبێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە خودی ئەم هیوایەتەش بەهۆی ژینگە کۆمەڵایەتییەکەوە لە مرۆڤدا سەری هەڵداوە و دواجار بەهۆی نەبوونی ئازادی لە گوتنی هەقیقەت، درۆ وەک خوویەکی لێهاتووە و لەبری تۆمەتبارکردنی ژینگە کۆمەڵایەتییەکە، خاوەنی خووەکە تۆمەتبارکراوە.

ژینگەی کومەڵایەتی کە دواتر دەبێتە هۆی شکڵگرتنی ژینگەی سیاسی و ئایینی و کولتوورییش، چونکە خودان پێوەرگەلێکی گشتین بۆ شێوازی دەربڕین و ئاخاوتن، هەرجۆرە لادانێک لەو پێوەرانە بە درۆ و دەلەسە و نەزانی دەداتە قەڵەم، ئەمەش وا دەکات کە تاکەکان خۆیان ببوێرن لە گوتنی شتانێک کە دەزانن دژ دەوەستێتەوە لەگەڵ ئەو پێوەرە گشتییانەی کە بۆ پیشاندانی ئاستی ڕاستێتیی دەربڕین و گوتەکان پەسەند کراون، کاتێکیش تۆ ئەوە ناڵێیت کە خۆت بەڕاستی هەستی پێ دەکەیت و زادەی باوەڕ و بۆچوونی ڕاستەقینەی خۆتە، ناچاریت بە گەڕانەوە بۆ ئەو پێوەرانە شتەکان بڵێیت و درۆیەک بە نرخی هەقیقەت دەرببڕیت کە خۆت بڕوات پێی نییە و تەنها وەک پلانێکی خۆپارێزی بەکارت هێناوە.

## سەبارەت بە مێژووی درۆ؛ سێ بۆچوون

ساڵی (١٩٤٣ز) مێژوونووسی ناوداری فەرەنسی "ئەلیکساندەر کوارییە" نووسینێک بە ناوونیشانی: (تێڕامانەکان لەبارەی درۆوە)[1] بڵاو دەکاتەوە. لەم وتارەیدا جەخت لەسەر (درۆی سیاسی) دەکاتەوە و ئاماژە بە مەترسییەکانی دەکات لە فریودانی ئینساندا، بەوەی کە چۆن مرۆڤ لە سایەی دەسەڵاتێکی سیاسیی خراپەکاردا دەبێتە کەسێکی درۆزن، چونکە خودی دەسەڵات نایەوێت هەقیقەتی شتەکان وەکوو خۆیان ببینرێن و بابەتییانە ڕوون بکرێنەوە، بەڵکوو بەگوێرەی مەرام و حەز و ویستەکانی خۆی شتەکان دەخاتە ڕوو. لەمەشدا کوارییە سەرنجمان بۆ لای مەسەلەیەکی وەکوو نهێنی پارێزی دەبات و ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە درۆ دەرهاویشتەی پاراستنی نهێنییەکانە؛ پاراستنی ئەو شتانەی کە ناگوترێن و نامانەوێت خەڵکی دی بیزانن، یاخود ئەوپەڕییەکەی کە هەر ئاشکراش بوو ژمارەیەکی زۆر کەم بیزانن. ئەمە ڕەنگە لەسەر ئاستی تاکەکەسی بتوانرێت سەربخرێت، چونکە ڕەنگە تاکەکەس ناچار نەبێت بەردەوام مەبەستەکانی دەرببڕێت، بەڵام بێ هیچ گومانێک لە ئاستی سیاسیدا هیچ سەرخستنێکی بۆ نییە، چونکە حیزبێکی سیاسی یاخود دەسەڵاتدارێک بۆ ئەوەی دەنگی بگاتە لایەنگرەکانی و فەرمانڕەوایەتیان بکات، ناچارە بەردەوام لە ڕێی وتەبێژەکانییەوە، یاخود نوێنەرەکانییەوە، یان لە ڕێی دەرکردنی بەیاننامەوە ئامانج و پلان و ڕێنماییەکانی خۆی؛ بیروباوەڕ و تێڕوانینەکانی خۆی بخاتە ڕوو، کاتێکیش ئەمە دەکات

[1] الكسندر كوارييه: تآملات في الكذب، ترجمة: تاجة بوحجة، مجلة الحكمة، ١٢، ٢٠١٩

ناچارە پەنا بباتە بەر چەند کۆدێکی تایبەتی کە زیاتر درۆی پوختن وەک لەوەی گەیاندنی ڕاستی بن، چونکە حیزب و سەرکردە سیاسییەکان نایانەوێت مەرامی ڕاستەقینەی خۆیان بخەنە بەردەستی خەڵک، هەر بۆیە لە ڕێی ئەو درۆ و کۆدە تایبەتییانەوە پەیامەکانیان دەگەیەنن، خەڵکیش بە شێوەیەکی گشتی بڕوا بەم بەیاننامانە دەهێنن و وەک هەڵوێستێکی ڕاستەقینە لێی دەڕوانن، تەنها کەمینەیەکی لێزان و سیاسی نەبێت کە دەتوانن کۆدەکان بکەنەوە و لە پەیامە ڕاستەقینەکەی پشت هەڵوێستە درۆینەکە تێبگەن.

بیست و چوار ساڵ دوای نووسینی ئەم وتارە، خانمە فەیلەسوفی ئەڵمانی "هانا ئارێنت" بە ڕەچاوکردنی خوێندنەوە مێژووییەکەی ئەلیکساندەر کوارییە[2]، وتارێکی گرنگ بە ناوونیشانی (هەقیقەت و سیاسەت)[3] دەنووسێت و تێیدا جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەو بۆچوونەی "کوارییە" و درۆ دەبەستێتە سیاسەتی دەوڵەتەوە. بەڵام ئەوەی ئەم بۆچوونەی "ئارێنت" جیاواز و سەیرتر دەکات، پیشاندانی ڕۆڵی میدیایە لە برەودان بە درۆ و فریودانی ئینسانەکان. میدیا دەتوانێت هەموو ئەو درۆیانەی کە هەن وەک هەقیقەت پیشان بدات و لە بەرانبەریشدا

---

[2] هانا ئارێنت ڕاستەوخۆ نەیگوتوە کە ئەم وتارەی وەک گەنگەشەکردنێک بۆ ڕوانینەکانی کوارییە نووسیوە، بەڵکوو لە پێشەکیی وتارەکەیدا دەڵێت کە هۆکاری نووسینی ئەم وتارەی زیاتر ڕوونکردنەوەی کتێبەکەی پێشتری خۆیەتی: ( ئێخمان لە ئۆرشەلیم) بڕوانە: هانا ارنت: آیشمن در اورشلیم/گزارش در باب ابتذال شر، ترجمە: زهرا شمس، چاپ بیست و دوم، نشر برج

[3] حنا ارندت: الحقیقة والسیاسة، ترجمة: الحسین سحبان، مجلة یتفکرون، عدد ٦، ٢٠١٥.

ڕاستییەکان سەراوژێر بکات و وەک درۆ بیانناسێنێت. سیاسەت لە دونیای نوێدا چیدی لەسەر درۆیەک ناژێ، بەڵکوو پێویستی بە هەزاران درۆی نوێ و جیاوازتر هەیە تاوەکوو ڕۆژانە لە ڕێی میدیاوە خەڵکی پێ فریو بدات. بە بڕوای ئارێنت ئەم فریودانە سیاسییە؛ ئەم لێشاوە لە درۆی سیاسی لە هیچ سەردەمێکدا هێندەی سەردەمی ئێستا بەو زەقییەوە نەبینراوە، کە ئەمەش جارێکی دی جەختکردنەوەیە لە سەر بۆچوونەکەی کوارییە. ئەم فەیلەسوفە ئەڵمانییە مێژووی درۆی سیاسی دەکاتە دوو بەشی سەرەکییەوە، ئەوانیش:

**یەک**: قۆناغی کلاسیکییانەی درۆ/ لەگەڵ دروستبوونی شار و کۆمەڵگە گەورەکاندا دروست بوو، لەم قۆناغەدا سیاسەتوانەکان ناچار بوون بڕێک جار بۆ ماوەیەکی کاتی پەنا ببەنە بەر درۆ، زیاتریش لە بەرانبەر دوژمنی دەرەکیدا، نەک لەگەڵ هاووڵاتییە خۆجێیەکانیاندا. لەم قۆناغەدا هەرچەندە سیاسەتوان و فەرمانڕەواکان پەنایان دەبردە بەر درۆکردن و بگرە بە خاسیەتی دەوڵەتمەداری لێهاتوویان دادەنا، بەڵام هیچ کاتێک درۆی ڕەها و مەترسیداری گەورەیان وەکوو درۆی سیاسییەکانی قۆناغی هاوچەرخ نەدەکرد.

**دوو**: قۆناغی هاوچەرخیی درۆ/ لەم قۆناغەوە ئیدی درۆ بوو بە درۆیەکی جیهانی و گشتگیر و لەمەشدا دەزگاکانی ڕاگەیاندن و میدیا لە ڕێی پروپاگەندە وشێواندنی بەردەوامی ڕاستییەکانەوە، هەقیقەت لەبەرچاوی خەڵکی دەگۆڕن بە درۆ. لەم قۆناغەدا سیاسەتوان سەرباری ئەوەی کە دەزانێت بەرانبەرەکەی درۆ و هەقیقەت دەناسێتەوە، کەچی زۆر بێباکانە

درۆی بۆ دەکات، چونکە دەزانێت میدیا درۆکانی بۆ دەڕازێنێتەوە و بە نرخی هەقیقەت دەیداتەوە بە خەڵکی. بەمەش درۆ دەبێتە ناســـراوترین کردەی سـیاسـەتوان و سـیاسـەتیش دەبێتە شـوێنێک بۆ شـاردنەوەی هەقـــیـــقەت و بـــرەودان بە درۆی ســـــیـــاســـــی.

باشە لە دۆخێکی وەهادا کە سیاسەت و دەسەڵات بە بەردەوامی خەریکی برەودانن بە درۆ، چ ڕێگـایەک هەیە بۆ ڕزگـاربوون؟ چی بکرێـت بۆ ئەوەی درۆ ســـیاســـیە هاوچەرخەکان بۆ خەڵکی ئاشـــکرا بکرێت و نەهێڵرێت میدیا فریویان بدات؟ هانا ئارێنت بۆ وەڵامی ئەم پرســـیارانە، دوو ڕێگا دەســتنیشــان دەکات، کە بە لای ئەوەوە تەواوکەری یەکترن و بێ یەکدی هیچیان سەرناگرن، ئەوانیش:

ڕێگای یەکەم: جەختکردنەوە و پشـــتبەســـتن بە تاکگەراییی مرۆڤ، بەو پێیەی مرۆڤ بە ســـروشـــتی خۆی بوونەوەرێکی ســـیاســـی نییە. ڕێگـای دووهەم: ئـارێنـت پێی وایە چەنـد بوارێکی زۆر گرنـگ هەن لە کۆمەڵگەدا، کە دەتوانن بەر بە برەودان بەم درۆ میـدیـاییە بگرن، وەکو یاســـا و زانکۆکان، کە دەبێت خۆیان بە بەرپرســـیار بزانن لە هەمبەر تاکەکاندا و درۆی سیاسی دەستنیشان بکەن و بۆ خەڵکی ڕوون بکەنەوە و ڕۆڵیان هەبێت لە ئاشـــکراکردنی ئەو درۆیانەی کە ڕۆژانە دەدرێن بە گوێی خەڵکدا.

هەردوو ئەم نووسینە پڕ بایەخەی نێو مێژووی فیکر، واتا هەم نووسینەکەی ئەلیکساندەر کوارییە و هەم لێکۆڵینەوەکەی هانا ئارێنت[4]، بوون بە ئیلهامبەخشی وانەیەکی فەلسەفی ئێجگار گرنگ لە لای فەیلەسوفێکی وەکوو "**ژاک دێریدا**". ئەم فەیلەسوفە فەرەنسییە بە گەڕانەوە بۆ ئەو دوو بیریارەی پێش خۆی، بەدووی مەسەلەیەکی گەورەی وەکوو درۆدا دەچێت و دەیەوێت لە ڕێی دۆزینەوەی مێژوویەکەوە بۆی، لێی ڕابمێنێت و شی بکاتەوە. ئەمەش نەک بۆ ئەوەی حیکایەتی درۆزنە ناسراوەکان و درۆ گەورەکانی نێو مێژوو بگێڕێتەوە، بەڵکوو لە پێناوی بیرکردنەوە و تێگەیشتن لە چییەتی درۆ و ئەو تێگەیشتنانەی کە لەبارەیەوە هەن و دروست بوون. بۆ پیشاندانی ئەمەش **دێریدا** دەمانباتەوە بۆ یۆنانی کۆن و گەشتێک دەکات بە نێو مێژووی فیکردا، لە ئەفلاتۆن و ئەرستۆوە تا دەگاتە ئۆگەستین و کانت و ڕۆسۆ و نیتشە و زۆرێکی دی، ئەوەی کە چییان لەبارەی درۆوە گوتووە

---

4 هێڵی سەرەکی ئیشکردنی ئارێنت، لە زۆرێک لە نووسین و کتێبەکانیدا، وردبوونەوە و ڕامانە لە سروشتی ئەو پەیوەندییەی کە سیاسەت بە ژیانی مرۆڤەوە دەبەستێتەوە و هەوڵی داوە کاریگەریی سیاسەت و درۆی سیاسی و سیاسەتوانەکان لەسەر پانتاییی ژیانی گشتی دەربخات. بۆ نموونە بڕوانە: (حنة ارندت: ما السياسة؟، الترجمة و تحقيق: الدكتور زهير الخويلدي، آ. سلمى بالحاج مبروك، دار الآمان، منشورات الضفاف، ط ١، بيروت، ٢٠١٤.) هەروەها ( هانا آرنت :اندیشیدن و ملاحظات اخلاقی، ترجمه: عباس باقری، نشر نی، چاپ پنجم، ١٣٩٩) . ڕەنگە ئەم کتێبەی ڤیلیپ هانسن باشترین سەرچاوەیەک بێت تا لێیەوە لە ڕوانینەکانی ئارێنت دەربارەی ئەو مەسەلانە باشتر تێبگەین. فيليب هانسن :حنة ارندت السياسة والتآريخ والمواطنة، ترجمة: خالد عايد آبو هديب، المركز العربي للآبحاث و دراسة السياسات، ٢٠١٨

و، دێریدا خۆی چی دەڵێت دەربارەی ئەو بۆچوونانەیان، هەموویمان بۆ دەخاتە ڕوو. بۆ نموونە **دێریدا** ئاماژە بەو بۆچوونەی "**ئۆگەستین**" دەکات کە پێی وایە گرێدانەوەیەک لەنێوان قەناعەت و بیروباوەڕدا هەیە و ئەگەر قەناعەتمان وابوو ئەوەی دەیڵێین ڕاستە و بڕوامان پێیەتی، کەواتە ئێمە درۆزن نین، تەنانەت ئەگەر ئەو شتەش کە دەیڵێین هەڵە بێت و ڕاست نەبێت. ئەمە بۆ خۆی ڕێگەدانە بەوەی ئینسان بۆی هەبێت ڕای خۆی پێچەوانەی ڕاستییە باوەکانەوە بڵێت و مادامەکێ بڕوای پێیەتی وەک ڕاستی سەیر بکرێت. وەک چۆن "**ڕۆسۆ**"یش جیاوازی دەکات لەنێوان جۆرەکانی درۆدا و پێی وایە گەر قسەیەکی ناڕاست زیان بە کەس نەگەیەنێت و بە مەبەستی فریودان و لێدان لە ڕاستی نەوترابێت، کەواتە پاک و بێگەردە و نابێت وەک درۆ سەیر بکرێت، با لە ڕووکەشیشدا وەک درۆ دەربکەوێت. بە شێوەیەکی گشتی لە ئەنجامی خوێندنەوەی مێژووی فیکرەوە، دەگەین بەو باوەڕەی کە لای زۆرێک لە فەیلەسوفانی پێشین، درۆ بەو ڕادەیە بە درۆی مەزن دانراوە کە مەترسی بێت بۆ سەر ئەوانی دی و بە ئامانجی فریودان و فێڵکردن لێیان کرابێت، ئەگینا نەگوتنی هەقیقەت لە پێناوی پاراستنی تایبەتمەندییە کەسییەکان و پاراستنی گیانی ئینسان ناچێتە چوارچێوەی درۆوە، هەرچەندە بە ڕووکەشیش وەک درۆ ببینرێت.

**ژاک دێریدا** لە (مێژووی درۆ)[5]دا بە پلەی یەک گفتوگۆ لەگەڵ

---

[5] جاك دريدا: تآريخ الكذب، ترجمة و تقديم: رشيد بازي، المركز الثقافي العربي، الطبعة الآولى، ٢٠١٦.

بۆچوونەکانی **هانا ئارێنت**دا دەکات و لە زۆر ڕووەوە ئیزافە دەخاتە سەر بۆچوونەکانی، هەروەک ئەویش ئاماژە بە ڕۆڵی میدیا و سیاسەت دەکات لە خولقاندنی درۆی زیاتردا. لەگەڵ ئەوەشدا دەیەوێت لە مێژووی درۆ ڕابمێنێت، بۆ ئەمەش دەپرسێت: چۆن دەکرێت درۆ مێژوویەکی سەربەخۆی هەبێت، لە کاتێکدا مێژووی سیاسی پڕە لە درۆ؟ بۆیە دێریدا گومانی هەیە لەوەی کە بتوانین بگەین بە مێژوویەکی تایبەت بە درۆ، تەنها لە دۆخێکدا نەبێت کە بتوانین بە ڕەچاوکردنی چەند مەرجێک، مێژوویەکی بۆ بنووسینەوە، لەوانەش دوورخستنەوەی "ئامۆژگاریی ئەخلاقییانە" لە مێژووی درۆ بەپێی دەربڕینی ئارێنت، یان بینینی لە "دەرەوەی ئەخلاق" بە گوزارشتە نیتشەییەکەی. کە لە ڕاستیشدا ئەمانە کارێکی گەر نەکردە نەبن، ئەوا زۆر ئەستەم و قورس دەبن، بەتایبەتی لە سەردەمێکدا کە تەکنەلۆژیا و میدیا گەیشتوون بەوپەڕی گەشەسەندن و واقیعی مەجازی جێی واقیعە ڕاستەقینەکەی گرتووەتەوە، هەموو ئەمانە دواجار دێریدا نائومێد دەکەن و دەیگەیەننە ئەو بڕوایەی کە پێی وابێت ئەستەمە مێژووی درۆ بنووسینەوە، لە کاتێکدا درۆ بۆ خۆی مێژووی خولقاندووە. واتا هەر ئەوەی کە خودی درۆ ڕۆڵی لە شکڵگرتن و نووسینەوەی مێژوودا هەیە، وا دەکات کە ئەستەم بێت بگەین بە مێژوویەکی تایبەت و سەربەخۆی درۆ.

**ئازادی و درۆ**

گوتنی هەقیقەت و سەلمنەکردنەوە لە ڕاستییەکان بەرهەمی ژینگەیەکی ئازادە، ئەو جێیانەی کە ئازادییان داوەتە ئینسان بۆ دەربڕینی ئەو نیاز و بۆچوونانەی کە زادەی بیرکردنەوە و تێڕامانی کەسییانەی تاکن،

زۆرترین هەقیقەتیان تێدا بەیان دەکرێت و کەمترین درۆ دەدەن بە گوێی یەکدیدا. نامەوێت ئەم وتەیە بەو ئاڕاستەدا ببەم کە خوێنەر وا هەست بکات لە کۆمەڵگە ئازادەکاندا، درۆکردن بوونی نییە و ئەوان لەناو هەقیقەت و ڕاستبێژییدا نقوم بوون. ئاخر درۆ یەکێکە لە سیفەتە دێرینەکانی مرۆڤ، کە لە هەر جێیەکی ئەم دونیایەدا بێت و سەر بە هەر کۆمەڵێکی مرۆیی بێت، مادام بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە مەحکومە بە درۆ. بەڵام درۆکردن لە کۆمەڵگە ئازاد و پێشکەوتووەکاندا پۆڵێن کراوە و ئاستەکانی دیاری کراوە، ئینسان لەوێدا ئەوەندەی خۆی درۆ دەکات نیو هێندە ناچار ناکرێت بە گوتنی درۆ، بە پێچەوانەی کۆمەڵگە نائازاد و سەرکوتکراوەکانەوە کە تاک تێیدا ناچارە بەردەوام لەنێو درۆ و وەهمی گەورە گەورەدا بژێت و بڕوای پێیان هەبێت و خۆی و ئەوانی دیکەشی پێ فریو بدات. لە ڕاستیدا درۆیەک کە بە ناچاری بە مرۆڤ دەکرێت درۆ نییە، بەڵکو نمایشکردنی درۆیە لە بەرگی ڕاستیدا. کە ئازادیی قسەکردن و بیرکردنەوە نەبوون، درۆکان دەبنە هەقیقەت و هەمووان بڕوایان پێ دەهێنن، وەک چۆن ڕاستییەکانیش دەشاردرێنەوە و گەر لێرە و لەوێ کەسێک زاتی ئەوە بکات بیاندرکێنێت، کۆمەڵگە بە هەموو هێزێکیەوە دەکەوێتە دژایەتی کردنی و وەک درۆ دەیناسێنێت.

جیاوازی نێوان کۆمەڵگەیەک کە ئازادیی ڕادەربڕین و ئاخاوتن تێیدا بۆ هەمووان فەراهەم کراوە و بە گوتنی ڕاستی ژیانی کەس تێیدا ناکەوێتە مەترسییەوە، لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیەی کە تێیدا کۆمەڵە پێوەرێکی گشتی دانراون و مرۆڤ ناچاردەکرێت بە ڕەچاوکردنی ئەو پێوەرانە قسەکانی خۆی بکات، لەوەدایە، یەکەمیان درۆکردن تێیدا کردەیەکی تاکەکەسییە و تاک ئازادە لەوەی ڕاستی بڵێت یان درۆ، بەڵام لەمەی دووهەمیاندا

درۆکردن بووەتە پێوەری گشـــتی؛ بووەتە ناســـنامەی کۆمەڵگە و کەس ناتوانێت باس لە درۆبوونی بکات، نەک هەر ئەوەندە، بگرە کەس بۆی نییە هیچ ڕاســـتییەک بڵێت کە بۆنی دژایەتی کردنی ئەو درۆ گەورەیەی لێ بێت. لە دۆخێکی وەهاشـــدا کۆمەڵگە دەبێتە کارگەی بەرهەمهێنانی درۆی گەورە و بەردەوام تاکەکانی لەســـەر بڕواهێنان بەو درۆ گەورانە کۆ دەکــاتەوە، ئەمە لە کــاتێکــدایە هەر خودی ئەو کۆمەڵگەیە خۆی، بەردەوام ئامۆژگاریی تاکەکانی دەکات کە درۆ نەکەن، چونکە درۆکردن پێچەوانەی بیروباوەڕە ســەرەکییەکانی کۆمەڵگەیە و ئینسانی پێ ناشرین دەبێت. مرۆڤ تووشی شـۆک دەبێت کە دەبینێت لە کۆمەڵگەیەکی وەهادا تا چ ئاســـتێکی ترســـناک درۆ و ڕاســـتی جێگۆڕکێیان پێ کراوە و شـــوێنەکانیان گۆڕیوەتەوە! یان تا چ ئاســـتێکی ترســـناک ناچارە درۆ بە ڕاستی ببینێت و ڕاستیش وەک درۆیەکی قێزەون تەماشا بکات.

**درۆ هاوبەشەکان**

ڕاســـتە پەیوەنـدییەکی گەورە و مێژوویی لەنێوان درۆ و ژینگەی کۆمەڵایەتیدا هەیە، هەر لەســـــەر ئەو بنەمـایەش کۆمەڵگە ئـازادەکـان و کۆمەڵگە نائازادەکانمان لەیەکدی جیاکردەوە و نەمانویســـت هەمووی بە یەک چـاو ســـــەیر بکەین. بەڵام هێشـــتاش ئەم دوو تایپە لە کۆمەڵگە، کۆمەڵێک درۆی هـاوبەشـــیـان هەیە، کە بەشـــێکیـان زادەی ویســـتە بنەڕەتییەکانی مرۆڤن بۆ نەگوتنی هەقیقەت و بەشێکیشیان پەیوەستن بە پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندییە ســیاســی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و بازرگانییەکانی مرۆڤ. تۆ لە هەر کوێیەکی دونیادا بیت و ســـەر بە هەر کۆمەڵێکی مرۆیی بیت، هێشـــتا لەو خاڵەدا لەگەڵ تەواوی مرۆڤەکانی

دیکەدا هاوبەشـیت، کە مەحکوم بیت بە کردنی درۆگەلێک و دەرنەبڕینی هەقیقەتی ناخی خۆت وەک ئەوەی کە هەیە. بۆ نموونە درۆی کۆمەڵایەتی و نەگوتنی هەندێک ڕاسـتی و کەمێک مەراییکردن لە پێناوی دڵڕاگرتنی ئەوی دیکە، نموونەیەکی هەرە دیـاری درۆی هـاوبەشـە. لە درۆی کۆمەڵایەتیش گشتگیرتر، درۆی سیاسییە. ئەمڕۆ لە سەرتاسەری جیهاندا درۆی سیاسی باوترین جۆری درۆیە و بە بەردەوامیش سەدان و بگرە هەزاران دەزگای میدیایی خراونەتە خزمەتی درۆ سیاسییەکانەوە. تۆ لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانە بیت، بێ ئەوەی خۆیشـت بتەوێت، ڕۆژانە ناچاریت گوێت لە دەیان درۆی سـیاسـی گەورە بێت و بەر چەندین هەواڵی هەڵبەستراو و ناڕاست بکەویت. ئەم درۆ هاوبەشانە دەرخەری ئاماژەیەکی شـەرمهێنەرن، ئاماژەی ئەوەی کە مرۆڤ بوونەوەرێکە ناتوانێت دەسـتبەرداری درۆ بێت و لە هەر کوێیەکی دونیا و لەژێر هەربـارودۆخێکـدا بێـت ئـارەزووی کردنی هەنـدێـک درۆی هەیە.

درۆیەکی دیکەی مەترسیدار، کە لە سەدەی بیستەمەوە و لەگەڵ گەیشتنی سیستەمی سەرمایەداری بە دوا ئاستی گەشەسەندنی خۆی، زۆر بە خێرایی لە درۆیەکی لۆکاڵییەوە گۆڕدرا بۆ درۆیەکی جیهانی و هاوبەش، درۆی بازرگانییە. ڕیکلام پایەی سـەرەکیی برەوسـەندنی ئەم درۆ هاوبەشـەیە، ڕیکلام چیدی بە تەنها وەک ڕۆژگارە دێرینەکان پشـت بە پروپاگەندەی زارەکییانە نابەسـتێت، بەڵکوو داچۆڕیوەتە نێو میدیا و بەشێکی هەرە گەورەی میدیای بۆ تەرخان کراوە. ئەمڕۆ لە جیهاندا هیچ میـدیـایەک نییە نەئـاخێنرابێـت لە ڕیکلامی بـازرگـانی و هیچ دیوار و پانتاییەکی گشتیی نەماوەتەوە نەخرابێتە خزمەتی درۆکانی نێو بازاڕەوە.

تەنانەت بەشـــێکی گەورەی فیکر و ئەدەبیات، زانســـت، شـــانۆ و هونەر بەگشتی، تەنانەت سیاسـەت و ئایینیش لەمڕۆدا زۆر بە توندی لکێنراون بە ڕیکلامەوە. ڕیکلام بازاڕی فراوان کردووە و لەوە دەرچووە بە تەنها ئامانجی ناســـاندنی بەرهەمەکان و ڕاکێشـــانی کڕیار بێت بۆیان، بەڵکوو بووەتە کارگەیەکی گەورەی بەرهەمهێنانی درۆ و ســـاختەکاری، ئیشـــی ڕیکلام لەمڕۆدا بووەتە فریودان و هەڵخەڵەتـانـدنی زۆرترین کەس. ڕیکلامی بازرگانی لە ئێســـتادا ئامانجی هەرە گەورەی کۆنترۆڵکردنی ژیان و خولقاندنی بەردەوامی درۆیە، تاکوو لەو ڕێیەوە بگاتە زۆرترین داهات و ڕکابەرەکان تێکبشـــکێنێت، بۆ ئەوەی ئەمەش بکات دەبێت کەســانێک هەبن پســپۆڕی درۆزان بن و هەموو درۆیەکی نوێ بە نرخی (ڕاســـتیی کاتی) بدەنەوە بە خەڵکی، بەبێ ئەوەی گوێ بەوە بدات درۆ نوێیەکان درۆ کۆنەکانی ئاشـــکرا دەکەن، چونکە دەزانێت هەمیشـــە کەسانێک هەن بڕوا بە درۆ نوێیەکانی دەکەن. ڕاستیی کاتی درۆیەکە بۆ ماوەیەکی کاتی وەک ڕاستی خۆی نمایش دەکات و تا ئەوکاتەی ئامانجی ڕیکلامەکە دەپێکێت بەردەوام دەبێت، دواتر هەر خودی ئەو لایەنەی ئەو درۆیەی بە نرخی ڕاســـتیی کـاتی بڵاو کردبووەوە، دێـت و لەگەڵ بەرهەمێکی نوێتردا، درۆیەکی تر لە ڕێی ڕیکلامەوە دەکات بە ڕاســـتیی کاتی و ڕاســتییە کاتییەکەی پێشــتر پووچەڵ دەکاتەوە. ئەوەشــی لەمەدا یاریدەی دەدات، میدیا و تۆڕە بەرفراوانەکانی ئینتەرنێتە وەک ناوەندێکی بەهێزی ڕیکلامکردن، میـدیـا و تۆڕەکـانیش چونکە لەســـەر بنەمـای "نوێترین" دەبرێنە ڕێوە، بۆیە ڕیکلامە نوێیەکـان ڕۆڵی خۆراکێکی ســـەرەکی دەبینن بۆیان. ڕیکلام کە بڕبڕەی پشـــتی درۆی بازرگانییە، لە ڕێی دەزگـا میـدیـاییەکـان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکـانەوە درۆی بـازرگـانی

کردووەتە درۆیەکی هاوبەشـــی جیهانی و لە توانایدایە لە یەک کاتدا ڕیکلامی کۆمپانیایەک بگەیەنێتە تەواوی کۆمەڵگەکانی ســـەر زەوی، واتا بەبێ ڕەچاوکردنی ئەوەی کۆمپانیەکەت لە کوێیە و خۆت لە کوێ دەژیت، دەتوانیت شـــتەکانت کە هاوپێچ کراون بە درۆی بازرگانیی گەورە، لە یەک کاتدا بناســێنیت بە کەسـێک کە لە نیو یۆرک یان لە هەولێر یان لە مۆســکۆ دەژێت و لە جێی خۆتەوە فریوی بدەیت. کەوایە با تۆ ســڵ لە درۆکردنیش بکەیتەوە، بەڵام چونکێ بینەری میدیایت و بەکارهێنەری ئەپەکانیت، ئەوا ناچاریت ڕۆژانە بەر ئەو درۆ هاوبەشـــە جیهانییانە بکەویت. لە دونیایەکی وەهادا، بەخت یاوەرتە، گەر نەبیتە قوربانی هیچ درۆیەکی مەترسیدار.

**باجەکانی ڕاستبێژی؛ سڵکردنەوە لە هەقیقەت**

لە مێژوودا هەمیشـــە درۆکردن و نەگوتنی هەقیقەت بە ناشـــیرینترین خاســـیەتی مرۆیی ناوزەد کراون و هەمیشـــەش ئەو کەســـانەی کە بە درۆزن ناوبانگیان ڕۆیشـتووە، وەک کەسـایەتییەکی شـێواو و ناشـیرین وێنا کراون و بوونەتە جێی تانە و پلاری کۆمەڵگە. لە بەرانبەریشـــدا، گوتنی هەقیقەت و بوێری وەک خاسیەتی پاڵەوانەکان و کەسێتییە ئازا و چاونەترس و شـۆڕشـگێڕەکان سـەیر کراوە. هەرچەندە خودی کۆمەڵگە خۆیشـی ڕقی لەو چاونەترسـییە بووە و سـڵی لێ کردووەتەوە، بگرە لە هەندێک دۆخیشـدا کە زانیویەتی ڕاسـتبێژێک خەریکە درز دەخاتە باوەڕ و درۆ گەورەکانی کۆمەڵگەوە، زۆر بە توندی سزای داوە. واتا هەمیشـە ڕاسـتبێژی لەســەر پرســە گەورەکانی نێو کۆمەڵگە باجی گەورەی خۆی هەبووە. وەنەبێت ئەمە کێشـــەیەکی هەنووکەیی و ئێرەیی بێت، بەڵکوو

کێشـــــەیەکی جیهانی و مێژووییە و لە هەموو کۆمەڵگە مرۆییەکانی نێو مێژوودا هەبووە. لە یۆنـانی کۆنـدا "**ســـۆکرات**" دیـارترین قوربـانیی ڕاســـتبێژییە، نموونەی پشـــتکردنە لە درۆ و دەرخســـتنی هەقیقەتە، هەرچەندە کۆمەڵگەی یۆنانی ئەو سەردەمە ویستیان پەشیمانی بکەنەوە لە گوتنی هەقیقەتگەلێک کە دەیزانی و بڕوای پێیـان هەبوو، چونکە لە ڕوانگەی کۆمەڵگەوە بۆ حـاڵەتی مـامەڵەکردن لەگەڵ یـاخیبوویەکـدا لە نەریت و بیروباوەڕەکان، هەمیشـــە پەشـــیمانبوونەوە واتای داننان و بایەخدانانە بۆ ڕاستێتیی ئەو پێوەرانە، کە ئەمەش زۆر باشترە لە سزادان و کوشـــتنێک کە داننانی لەگەڵ نەبێت و گومان بخاتە ســـەر پێوەرەکان، ســـــەرباری ئەو فشـــــارەی لەســـــەری بوو، ســـۆکرات زۆر ئازایانە بیروباوەڕەکانی خۆی خســـــتە ڕوو، دژ بەو درۆ گەورانەی کۆمەڵگەی یۆنــانی وەســـــتــایەوە و ژەهرەکەی خواردەوە و مەرگی هەڵبژارد. مێژووی ئەوروپا لە چاخە تاریکەکاندا و پێش ڕێنســـــانس، گێڕەرەوەی سەدان بەسەرهاتی تراژیدیی ڕاستبێژەکانە، ئەو ڕاستبێژانەی کە شتێکی جیاوازتریان دەوت لەو ژاوەژاوەی کە بە نێوی پێوەرە گشـــتییەکانەوە بەســـەر خەڵکیدا ســـەپێنرابوو. لە ڕێی دادگاکانی پشـــکنینەوە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ڕاســـتبێژ ســـزای قورس دران "ڕاســـتبێژ بەو مانایەی کە ئەوەی لە ناخ و هزریاندا بووە، بێ ســـــڵکردنەوە دەریانبڕیوە و درۆیان لەگەڵ خۆیـان نەکردووە، نەک بە واتـای پشـــتگیرکردن لە دروســـــتی بۆچوونەکانیان". ئەم باجی ڕاســتبێژییە وەنەبێت تەنها پەیوەســت بێت بە شوێنێکی دیاریکراو، یاخود کیشوەر و ناوچەیەکی دیاریکراوەوە، بەڵکوو مێژووی تەواوی کۆمەڵگە و نەتەوە و وڵات و کیشـــوەرەکان تەژییە لەو گێڕانەوانەی کە شـاهیدی دەدەن بۆ نەبوونی ئازادی لە گوتنی هەقیقت و

ســـزادانی ئەو کەســــــانەی کە پێچەوانەی بــاوەڕی بــاوەوە دواون.

لە مێژووی خۆرهەڵاتدا "**مەنســووری حەلاج**"[6] عاریف و سـۆفی ناسـراو کە لەنێوان ســــاڵانی ( ٨٥٨-٩٢٢) زایینی ژیاوە، یەکێکی ترە لەوانەی کە بـاجی ڕاســــتبێژی داوە و نەیتوانیوە لە پێنـاوی کۆمەڵگەدا درۆ لەگەڵ خۆیدا بکات و ڕاســـتی بۆچوونەکانی خۆی بشـــارێتەوە. حەلاج دوای

[6] حەلاج ناوی تەواوی حوســێن کوڕی مەنســووری کوڕی مەحمیە، لە ســاڵی ٨٥٨ زایینی لە ئێران لەدایک بووە و لە واســـیت گەورە بووە، لەبارەی ڕەچەڵەکییەوە بۆچوونی جیاواز هەیە، هەندێک لە مێژوونووسان بە فارسی دادەنێن و بەشێکیشیان بە عەرەب، بەڵام ئەوە یەکلا بووەتەوە کە حەللاج هەردوو زمانی فارســی و عەرەبی بە باشــی زانیوە. لە مێژووی ســۆفیگەرێتیی ئیســلامی و تەنانەت جیهانیشــدا وەک بەناوبانگترین سـۆفی ناسـراوە. لە سـەردەمی عەباسـییەکاندا ژیاوە و بە ماوەیەکی زۆر کەم توانیویەتی شـوێنکەوتەیەکی زۆر بۆ بۆچوونەکانی خۆی پەیدا بکات، لەبەر ناتەباییی بۆچوونەکانی لەگەڵ بۆچوونی پیاوانی ئایینی و ڕەوتی شەریعەت و بەهۆی ڕەخنە سیاسییەکانیەوە، وەک مەترسییەکی زۆر گەورە سەیر کراوە، ئاخر لە دیدی حەللاجەوە تەسەوف واتا جیهادکردن لە دژی شـەڕەنگێزی و ستەمیی نەفسی خۆت و کۆمەڵگەکەت، ئەمەش واتای لێدانە لە پێوەرە گشـتییەکانی کۆمەڵگە و دەســەڵات. بۆیە لەلایەن خەلیفە (موقتەدیر بیللا)وە فەرمانی دەســــتگیرکردنی بۆ دەردەکرێت و ساڵی ٩٢٢ زاینی بە بەرچاوی دانیشتوانی بەغداوە هەڵیدەواسن و بە تۆمەتی زەندەقە و بانگەشـــەکردنی پێغەمبەرایەتی و خۆناســـاندن بە خودا، دەســـت و قاچ و ســـەری دەپەڕێنرێت و جەســـتەکەی دەســـووتێنرێت. بڕوانە: لویس ماســـینیون: الآم الحلاج، شهيد التصوف الآسلامي، الجزء الآول، ترجمة والتحقيق: الحسين حلاج، من منشورات دار النينوى، ٢٠١٩.

ئەوەی کە ( شـطحات) و (طواسـین)[7]ەکانی و گوتەی (آنا الحق)[8]ی بە نێو خەڵکیـدا بڵاو بووەوە؛ دوای ئەوەی کە ســـڵی لە گوتنی هەقیقەتێـک نەکردەوە کە دەیزانی، لەلایەن نوێنەرە شــــەرعی و ســــیاســــییەکانی کۆمەڵگەوە، بە هەڵواسراوییەوە دەست و قاچ و سەری لێ کرانەوە و گڕ لە جەستەشی بەردرا. ئایا حەلاج درۆزن بوو؟ یان بوێژی ڕاستییەک کە خۆی درکی پێ کردبوو؟ گەر درۆ وا ببینین کە گوتنێکە پێچەوانەی پێوەرە گشــــتییەکان؛ پێچەوانەی ئەو پێوەرانەی کە بۆ گوتنی ڕاســــتی

---

[7] بەشــێکی زۆری نووســـراوەکانی حەلاج لەژێر ناوی( الطواســـین)دا نووســـراون، هەڵبەتە ئەمە پەیوەندی بە (الطواسین)ی سێ سورەتەکەوە نییە، بەڵکوو دابەشکردنی دەقەکانە لە ڕێی گەڕانەوە بۆ بنەڕەتیترین بەشی زمان کە پیتەکانە. دواتریش لە ڕێی ئەم پیتانەوە ئاماژە و کۆدی تایبەتی دانراون، تاوەکوو ببێتە زمانێکی تایبەتمەند بە دەربڕینی هەقیقەت، بۆ نموونە: (طاســین الســراج، طاســین النقطة، طاســین الدائرة، ....هتد). حەلاج ئەم کتێبەی لە زینداندا نووسیوە و قوتابییەکانی بردوویانەتە دەرەوەی زیندان و پاراستوویانە، لەبەر بایەخە زمانیی و مێژوویی و فیکرییەکەی تا ئەمڕۆیش وەک گرنگترین کتێبی ســۆفیگەری لێی دەڕوانرێت .بڕوانە: (الحســـین بن منصـــور الحلاج: کتاب الطواسین، المحقق: محمد باسل، دار الکتب العلمیة، بیروت، لبنان، الطبعة الآولی، ٢٠٠٢.

[8] ئەم دەربڕینە کرۆکی بیرکردنەوە و تێڕوانینی حەللاج پێک دەهێنێت، کە بانگەشــەی ئەوەی تێدا دەکات ئەو لەگەڵ خوادا بووەتە یەک و تواوەتەوە تێیدا، ئەوەی لەودا دەدوێت خودایە و کەســـی دی نییە. هەر خودی ئەم دەربڕینەش (آنا الحق) بوو بە هۆکـاری ســــەرەکی بە زەنـدیق زانینی و بە بـانگەشــــەکردنی خۆبەخوازانین لێکدراوەتەوە .بڕوانە: لوئی ماســـینیون، پل کراوس: اخبار حلاج/نســـخەای کهن در سـیرت حسـین بن منصـور حلاج، ترجمە: سـید حمید طبیبیان، نشـر اطلاعات، چاپ٧، ١٣٨٧.

دانراون، ئەوا حەلاج درۆزنێکی گەورەی نێو کۆمەڵگەکەی خۆی بووە. بەڵام ئەگەر درۆ وا پێناسـە بکەین کە بریتییە لە نەگوتنی ئەو هەقیقەتەی کە دەیزانی و شـاردنەوەی باوەڕی ڕاسـتەقینەی خۆت، ئەوا بێ هیچ سـڵەمینەوەیەک دەتوانین بڵێین حەلاج نموونەیەکی دەگمەنی ڕاسـتبێژیی خـۆرهەڵاتـیـیە لە مـێـژوودا.

"مەحوی" کە شاعیر و موتەسەوفێکی گەورەی کورد و خۆرهەڵاتە، زۆر زوو درکی بەوە کردبوو کە کۆمەڵگە خۆرهەڵاتییەکـان جێگۆڕکێیـان بە درۆ و ڕاسـتی کردووە و ئەوەی لەگەل پێوەرە گشـتییەکانیاندا بێتەوە ڕاستگۆیە و ئەوەشی کە لەگەڵ پێوەرەکانی ئەواندا نەیەتەوە و هاوڕایان نەبێت، درۆزن و هەڵگێڕەرەوەی هەقیقەتە. دەشزانێت کە گوتنی هەقیقەتی ناخی خۆت و خسـتنەڕووی وەکوو ئەوەی کە هەیە، نەک وەکوو ئەوەی کە ئەوانی دی دەیـانەوێت، بـاج و سـزای گەورەی بەدواوەیە. کەچی سـەرباری زانینی ئەم ڕاسـتییە تاڵەش، هێشـتا مەحوی سـوورە لەسـەر گوتنی هەقیقەت و خسـتنەڕووی بەو شـێوەیەی کە خۆی دەیەوێت، بۆیە لە شیعرێکدا دەڵێت:

بە حەق هەر حەق، بە نـاحەق نـاحەقـم وتـووە، لە ڕۆژێ بـووم وەکـو مەنسـوور ئەگەر بـیشـمـکوژن، نـاکەم لە حەق لادەم[9]

[9] مەحوی لە چەند جێیەکی دیکشـدا باسـی مەسـەلەی ڕاسـتیگوتن و گرنگی سـڵنەکردنەوە لە گوتنی هەقیقەت دەکات، بۆ نموونە لە شـیعرێکیدا دەڵێت:(هەتا حەق ناصـیرە، هەر حەقمە مەنظوور/وەکو مەنصـور ئەگەر بمکەن بە دارا)... کە لێرەشـدا

شتێک کە لێرەدا جێی سەرنجە و دەبێتە جێی پرسیار، ئەوەیە کە بۆچی کۆمەڵگە بەم جۆرە سڵ لە گوتنی هەقیقەتە فەردییەکان دەکاتەوە؟ ئایا درکاندنی ئەم ڕاستییانە ئەوەندە مەترسیدارە کە زیان بە پێوەرە گشتییەکانی هەقیقەت بگەیەنێت؟ کاتێک تەماشای پێوەرە گشتییەکانی کۆمەڵگەکان دەکەین، هەر زوو درک بە لەرزین و خۆنەگیری و سستی ئەو پایانە دەکەین کە پێوەرەکانی کۆمەڵگەی لەسەر ڕاگیرکراوە. ئەو پێوەرە لەرزۆکانە چونکە هەقیقەت نین و سێبەری هەقیقەتن؛ چونکە هیچ بنەمایەکی لۆژیکی و مرۆیانەی بەهێزیان نییە و تەنها لەسەر بنەمای ڕاگرتنی تەبایی کۆمەڵایەتی وەستاون، بۆیە بە بچووکترین تەقەڵای ڕاستبێژێکی خۆکرد، پایەکان دێنە لەرزین و دەکەونە بەر مەترسی ڕووخان و لەناوچوون.

---

جەخت لەسەر گوتنی هەق و ڕاستی دەکاتەوە، بەبێ گوێدانە باجەکەی، تەنانەت گەر وەکوو مەنسووری حەلاجیش لەسەر هەق گوتن لەسێدارەی بدەن. لە جێیەکی دیکەدا مەحوی دەڵێت:(موحەققەق هەر کەسێک مەسلەکیە حەقق و حەققیە مەنظوور/سولووکی چوونە سەرداره، تەریقەی پیریە مەنصوور... واتا: بێگومان ئەوەی بە دوای حەقدا بگەڕێت و حەقی لا مەبەست بێ، بۆی دەچێتە سەردار و لە پێناویدا خۆی دەدا بە کوشت، ئەمە ئەو ڕێگایەیە مەنسووری حەلاج کە سەردەستەی حەق خواهان بووە گرتوویەتیە بەر و پێیدا ڕۆیشتووە. بڕوانە: دیوانی مەحوی، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٧

**چۆن بزانین هەقیقەت هەقیقەتە؟**

لە کاتێکدا کە داڕێژەری پێوەرە گشتییەکانی هەقیقەت خودی تاکەکانی کۆمەڵگەن، کە دواجار هەر ئەوانن کۆڕاییان چێ کردووە و کردوویانن بە هەقیقەت، چۆن دەتوانین باس لەوە بکەین کە ئەم پێوەرانە خودی هەقیقەت نین و سێبەری هەقیقەتن! ئایا هیچ پاڵپشتییەکی لۆژیکی هەیە کە بیسەلمێنێت ئەوەی مرۆڤێک دەیڵێت و جودایە لە پێوەرەکانی کۆمەڵگە، خودی هەقیقەتە؟ ڕوونتر بڵێین بە چ پێوەرێک ئەوەی حەلاج گوتویەتی هەقیقەتە و ئەوەی کۆمەڵگە دەیڵێت سێبەری هەقیقەتە؟ بۆ ئەوەی لەو دۆشدامانە هزرییە دەربچین و بتوانین داوەرییەکی فینۆمینۆلۆجییانە بکەین، دەبێت هەموو پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان بۆ دیاریکردنی هەقیقەت بخەینە لاوە و کار بە پێوەرێکی جیاوازتر بکەین. بەو مانایەی هەقیقەت لە هەموو پێناسەیەکی پێشوەختە دابماڵین و وەکو خۆی ببینین. وەختێکیش هەوڵماندا هەقیقەت وەکوو خۆی ببینین، ڕەنگە کەمێک تووشی شۆک ببینین، ئەم شۆکە زادەی داماڵراوی هەقیقەتە لە داپۆشەرە درۆینەکان؛ زادەی بەرکەوتنە لەگەڵ هەقیقەتێکی ڕووت و قووت. ئیدی زۆر بەئاسانی ئەوە دەبینین کە هەقیقەت هیچ پێوەرێکی نییە و خۆیەتی، هەر بەو جۆرەی کە ڕێگە بدەین خۆی بەیان بکات، یەکسەری خۆی دەردەخات. گەر کۆی ئەم وتانە کۆ بکەینەوە و هەوڵ بدەین هەقیقەتی لێوە بناسین، دەگەین بەوەی کە هەقیقەت و ڕاستبێژی واتا گوتنی ئەوەی کە لە ناخ و هزردایە وەک ئەوەی کە هەیە، نەک وەک ئەوەی ئەوانی دی دەیانەوێت. هەقیقەت هەر ئەو وشانەیە کە بە ئازادی و خۆیبوونێکی تەواوەتییەوە دەریدەبڕین بێ هیچ فشار و ناچارکردنێکی دەرەخۆیی، ئیدی ئەو شتانە ڕاست بن یان درۆ، ئەوە پێوەرە گشتییەکانی کۆمەڵگەیە

ئەم دادوەرییانەمان پێ دەکات. دواجار گرنگە بزانیت تا ئەو جێیە هەقیقەت لای تۆیە کە بە ئازادانە ناخی خۆت دەربڕیت و بۆچوونەکانت بخەیتە ڕوو، بەبێ ئەوەی پێت وابێت ئەم بۆچوونانەی تۆ هەقیقەتی ڕەهان و لێیەوە بڕوانیتە بۆچوونی ئەوانی دی. کەی هەمووان توانییان ئازادانە بدوێن و ڕاستگۆیانە ئەوەی لە دەروون و هزریاندایە دەریببڕن، واتا ئێمە لە کۆمەڵگەیەکدا دەژین کە هەقیقەتی وەکوو خۆی ناسیوە و مامەڵەی لەگەڵ دەکات، واتا ئێمە کۆمەڵگەیەکین باوەشمان بۆ هەموو هەقیقەتەکان کردووەتەوە و تاکبین و خۆسەپێن نین، واتا ئێمە کۆمەڵگەیەکین هەقیقەتمان وەک ئەوەی کە هەیە قبوڵە، نەک وەک ئەوەی خۆمان دەمانەوێت هەبێت.

**داهاتووی درۆ**

پێویست ناکات ئینسان فاڵگرەوە و غەیبزان بێت تا بتوانێت پێشبینی بۆ داهاتووی درۆ بکات، چونکە هەم ڕیشە مێژووییەکانی درۆ و هەمیش ئەو بونیادە کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەی کە درۆ هەیەتی، بە ڕەچاوکردنی گەشەی تەکنەلۆژییانە و پێشکەوتنی زیاتری تۆڕەکانی پەیوەندی، ئاماژەی ڕوون و ئاشکران بۆ بەردەوامێتیی درۆ وەک بەشێکی دانەبڕاو لە ژینگەی مرۆیی. بەو پێیەشی کە مرۆڤ بوونەوەرێکە بە سروشتی خۆی حەزی لە پاراستنی تایبەتمەندییەکان و ویستە ناوەکییەکانێتی، جا چ لەبەر خۆپارێزی و نەبوونی ژینگەی ئازاد بێت یاخود لەبەر هەر هۆکارێکی دیکە، ناتوانین موژدەی هاتنی سەردەمێک بدەین کە درۆ تێیدا کەمترین بەشداری هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا گرنگە بە بەردەوامی جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە ئینسان لەژێر سایەی هەر

بارودۆخێکدا بێت و لەنێو هەر کۆمەڵگەیەکدا بژێت، نابێت ناچار بکرێت بە شـــاردنەوەی هەقیقەت، تەنها لە حاڵەتێکدا نەبێت کە خۆی خواســتی دەربڕینی نەبێت. گرنگیشـــە بە بەردەوامی مرۆڤ لە مەترســـی درۆ سیاسی و بازرگانی و ئایینی و میدیاییەکان ئاگادار بکرێتەوە و ڕێگا لە فریودانی بگیرێت. بەمەش داهاتووی درۆ خاڵی دەبێتەوە لە مەترســـییە کوشندەکانی درۆکردن بۆ سەر تاک و پانتاییی ژیانی گشتی.

لە دەســتپێکدا گوتمان کە درۆ چەکی لاوازەکانە دژ بە بەهێزەکان، بەڵام گرنگە ئەم چەکە تەنها لە حاڵەتی خۆپارێزیدا بەکار بهێنرێت و نەهێڵرێت ببێتە خوو، ڕێگە نەدرێت درۆ ببێتە هۆکارێک بۆ مەترسـی خسـتنە سـەر ژیانی ئەوانی دی و فریودانیان بە بیانووی بەرژەوەندیخوازییەوە. گەر درۆ تەنهـا وەک چەکێـک بۆ خۆپـارێزی مـایەوە ئەوا نـاتوانین هەمـان مامەڵەی درۆ ڕاســتەقینە و مەترســیدارەکانی دیکەی لەگەڵدا بکەین و بە هەمـان پێوەری ئەوان بە درۆی بزانین. کە ئەم دابەشـــکارییەمان کرد چیدی هەموو درۆکان نابنە درۆ و هەقیقەتیش ڕوونتر و ئازادانەتر خۆی بەیان دەکات، چونکە چیدی بە یەک چاوەوە ســـەیری هەموو درۆکان ناکەین و هەندێکیان تەنها لە چوارچێوەی زماندا بە درۆ ناو دەبرێن. لە ڕاسـتیشـدا داهاتووی درۆ بەسـتراوە بەم دابەشـکارییەوە؛ بەسـتراوە بە وەلاخستنی درۆ خۆپارێزییەکان و جەختکردنەوە لەسـەر درۆ گەورەکان بەتایبەتی لە ئاسـتە سـیاسـی و کۆمەڵایەتییەکەیدا، کە ئینسـان بە تەنێ ڕەچـاوی بەرژەوەنـدی و چـاوچنۆکیی خۆی دەکـات و گوێ بە لێکەوتە مەترســـیدارەکانی نادات لەســـەر ئەوانی دی. ڕێگدان بە بەیانکردنی هەقیقەتی نـاخ و بیر، هەوڵـدان بۆ بینینی ڕووداوەکـان وەکو خۆیـان بێ هیچ پێشـــبیری و پێشـــبڕیاریەک و لابردنی ئەو ڕووپۆشـــانەی کە لە

ئەنجامی درۆ میدیایی و سیاسیی و کۆمەڵایەتیەکانەوە دراون بە سەر ڕاستیەکاندا و شاردراونەتەوە، وا دەکات کە لە داهاتوودا درۆ لە ئاستە بەرفراوان و مەترسیدارەکەیدا بەرەو کاڵبوونەوە بچێت و نەتوانێت وەکوو ئێستا هەژموونی خۆی بەسەر تەواوی کایە سەرەکییەکانی ژیاندا بسەپێنێت و ببێتە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر ڕاستبێژی و هەقیقەت.